گـۆڤـاری زانـكۆی راپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(6).Paper19
ڕێـكەوتـی وەرگـرتـن: ٢٠٢٣/٠٣/٢٠
ڕێكەوتی پەسەندكردن: ٢٠٢٣/٠٥/٢٣
ڕێـكەوتی بڵاوكردنەوە: ٢٠٢٤/١٢/٢٩

# كەلتور و كەلەپوری كۆمەڵایەتی دانیشتوانی شاری مەهاباد (1880- 1946)

**ئاوات احمد قادر[١] - سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر[٢]**
sarwary74@yahoo.com - awatsahmad@gmail.com
[٢+١]بەشی مێژو، كۆلێژی پەروەردە، زانكۆی كۆیە، هەرێمی كوردستان، عیراق.

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە لێكۆڵینەوەیە لەیەكێك لەلایەنە گرنگەكانی مێژوی كۆمەڵایەتی یەكێك لە شارە دیارەكانی كوردستان كە شاری (مەهاباد)ە، شاری مەهاباد جیا لەوەی لەباری سیاسییەوە پایەختی كۆماری كوردستان بوە، لەباری كۆمەڵایەتیشەوە خاوەنی تایبەتمەندییەكی كۆمەڵایەتی لەمێژینە بو، هەڵكەوتەی ئەم شارە لەسەر یەكێك لە ڕێگا بازرگانییەكانی نێوان ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا وایكردبو كە جیا لەوەی شارەكە ببێتە ناوەندێكی گرنگی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان ناوچەكانی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا، ببێتە شارێكی زیندوش لەباری كۆمەڵایەتییەوەو خاوەنی كەلتورو تایبەتمەندی كۆمەڵایەتی تایبەت بەخۆی بێت، هاتنی خەڵكانی جۆربەجۆر لە وڵاتەكانی ڕوسیا و عوسمانییەوە بۆ مەهاباد بەمەبەستی بازرگانیكردن، بونی چەندین خانەوادەی جولەكە و كریستیان لەشارەكەدا، بێگومان كاریگەریی دیاریان هەبو لەسەر باری كۆمەڵایەتی بە گشتی و لەسەر كەلتورو كەلەپوری كۆمەڵایەتی شارەكە بەتایبەتی.

ئەم توێژینەوەیە خۆی لە دو باسی زانستیدا دەبینێتەوە، لەباسی یەكەمدا باس لە ڕێوڕەسمەكانی میوانداری، ئەسپ سواری و گاڵتەوگەپ و كایەكان دەكەین لەمەهاباد، كە شارەكە لەم بارەیەوە خاوەن تایبەتمەندی خۆی بو، هاوكات لەباسی دوەمدا: لە سێ دیاردەی كۆمەڵایەتیەكانی شارەكە دواوین كە بریتین لە: ڕێوڕەسمەكانی هاوسەرگیری، شایی و چونە سەر چاك و پیران.

گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدا خۆی وێنادەكات كە لێكۆڵینەوە لەو بوارە مێژویی- كۆمەڵایەتییە كەم ئەنجام دراوە، لەكاتێكدا ئەم بوارە، بوارێكی ئێجگار گرنگە.

**كلیلە وشە:** مەهاباد، كشتوكاڵ، ئاژەڵداری، كەلتوری كۆمەڵایەتی، دابونەریت.

## پێشەکی:

شاری مەهاباد یەکێکە لەشارە گرنگەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، شارەکە بۆ ماوەیەکی زۆر ناوەندی کوردستانی موکریان و هاوکات ماوەیەک پایتەختی کۆماری کوردستان بوە، سەرچاوە مێژووییەکان بناغەی دامەزراندنی ئەم شارە دەگێڕنەوە بۆ یەکێک لە فەرمانڕەواکانی کوردستانی موکریان بەناوی بوداق سوڵتان، لەسەردەمی فەرمانڕەوایی حکومەتی شا سلێمانی سەفەویدا (1666 _ 1694) (باباطاهری، 1351: 5_8). هەڵکەوتەی جوگرافیای شارەکە لەسەر یەکێک لەڕێگا بازرگانییەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کاریگەریی لەسەر زۆربەی لایەنەکانی شارەکە هەبوە کە یەکێک لەوانەش لایەنی کۆمەڵایەتی بو.

**گرنگی توێژینەوەکە:** گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدا خۆی وێنا دەکات کە لێکۆڵینەوە لەو بوارە مێژویی کۆمەڵایەتیە کەم ئەنجام دراوە، لەکاتێکدا ئەم بوارە بوارێکی ئێجگار گرنگە و کەمترین لیکۆڵینەوەو توێژینەوەی ئەکادیمی لەسەر ئەنجامدراوە، هەربۆیەش لەو سۆنگەیەوە هەوڵمانداوە بەشێوەیەکی ئەکادیمی هەمو تایبەتمەندییەکانی ئەو لایەنە ڕون بەکەینەوە.

**هۆکارەکانی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:** لێکۆڵینەوە لە کەلتورو کەلەپوری کۆمەڵایەتی دانیشتوانی شاری مەهاباد گرنگیەکی فرە ڕەهەندی هەیە، بەتایبەت ئەوەی کە شارەکە لەو قۆناغەدا خاوەن تایبەتمەندی کەلتورو کەلەپوری کۆمەڵایەتی خۆی بو، لێکۆڵینەوەش لەو بەشە گرنگەی مێژوی کۆمەڵایەتی بێگومان بایەخێکی فرەڕەهەندی هەیە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** لەو توێژینەوەیەدا، بەشێوەیەکی سەرەکی بەکارهێنانی چەند میتۆدێک لە شیکردنەوە و باسکردن و گێڕانەوەی ڕوداو پێشهاتەکاندا لەبەرچاو گیراوە، بەڵام لەبەر هەستیاری و گرنگی بابەتەکەو لێکۆڵینەوە لە تایبەتمەندییەکانی کەلتورو کەلەپوری کۆمەڵایەتی دانیشتوانی شارێک وایکردوە کە تەنها پشت بە میتۆدێک نەبەستریێت، بەڵکو بەپێی پێویستی بابەتەکە چەند میتۆدێکی دیکەش بەکارهێندراون، وەک میتۆدی مێژویی، شیکاری و بەراوردکاری.

**ئاستەنگەکانی توێژینەوەکە:** بێگومان هیچ توێژینەوەیەک بەبێ ئاستەنگ و گرفت تێناپەڕێت، بەتایبەت لەو قۆناغەی ئێستادا و کە بە هۆی داخرانی مەرزەکانەوە سەردانی ڕۆژهەڵات و دەسکەوتنی سەرچاوەی ڕەسەن ئاسان نەبو، بەڵام ئێمە هەوڵمانداوە بەسەر ئاستەنگەکاندا زاڵ بین بەتایبەت لە دەستکەوتنی سەرچاوەی پێویست بە بوارەکەدا.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** لەداڕشتنی توێژینەوەکەدا پەیڕەوی پلانێکی تایبەت کراوە ئەویش لەڕێگەی دابەشکردنی توێژینەوەکە بەسەر پێشەکییەک و دو باسی سەرەکی و دەرەنجامی زانستیدا، ئەم توێژینەوەیە

خۆی لە دو باسی زانستیدا دەبینێتەوە، لەباسی یەکەمدا باس لە ڕێوڕەسمەکانی میوانداری، ئەسپ سواری و گاڵتەوگەپ و کایەکان دەکەین لەمەهاباد، کە شارەکە لەم بارەوە خاوەن تایبەتمەندیی خۆی بوە، هاوکات لەباسی دوەمدا: باس سێ لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی شارەکە دەکەین کە بریتین لە: ڕێوڕەسمەکانی هاوسەرگیری، شایی و چونە سەر چاک و پیران.

**گرنگترین سەرچاوەکان:** لەنوسینی ئەم توێژینەوەیەدا سود لەچەندین سەرچاوەی زانستی وەرگیراوە، بەتایبەت ئەو سەرچاوانەی لەو قۆناغەدا نوسراون، وەک سەفەرنامەی ئەو گەڕیدانەی چونەتە شارەکەو یادداشت و بیرەوەری هاوزەمانی ئەو قۆناغە کە خۆی لەچەندین سەرچاوەی ڕەسەنی ئێرانی و بیانیدا دەبینێتەوە، لەگرنگترینیان سەفەرنامەکانن، لەچەشنی: نوسینەکانی کوردناسان مینۆرسکی (بنچینەکانی کوردو چەند وتارێکی کوردناسی)، دی مۆرگان (کوردستان لە لیکۆڵینەوەکانی دی مۆرگاندا)، اولویە (سفرنامە ئولیڤییە)، دیلا ڤالا (سفرنامەی پیترو دیلاڤالا)، حاج سەییاح (خاطرات حاج سەییاح)، لیتن (خاطرات لیتن)، نیکیتین (کردو کردستان)، درویل (سفر در ایران)، ژوبیر (مسافرت در ارمنستان و ایران)، جان ویشارد (بیست ساڵ لە ئێران). هاوکات سود لەیادەوەریە خۆجێیەکانی هاوزەمانی قۆناغی توێژینەوەکەش وەرگیراوە لەگرنگترینیان: شیرازی (خاطرات دکتر هاشم شیرازی)، ئەنجیری موتڵەق (داشامەجید)، هەمزە کاکەخضری (کایەکانی موکریان). هاوکات سود لە ساڵنامەکانیش وەرگیراوە وەک: (سالنامە فرهنگ مهاباد) و چەندان سەرچاوەی تر.

## باسی یەکەم: ڕێوڕەسمی میوانداری، ئەسپ سواری و گاڵتەوگەپ و یارییە مییلیەکان

### یەکەم: میوانداری

کورد یەکێکە لەو گەلانەی ناوبانگی بە میوانداری ڕۆیشتوە، بەشێوەیەک میوانداری یەکێکە لەدابونەریتە جوانەکانی کۆمەڵگای کوردەواری، بەتایبەتیش دانیشتوانی کوردستانی موکریان و شاری مەهاباد. وەک دیلا ڤالا ئاماژەی بۆ کردوەو دەڵێت: تاوەکو پلاو و گۆشت و خواردەمەنییەکانیان لەسەر خوان دانەنێن نایەڵن بڕۆی، ئامادەبون هەمو کارێک بکەن هەتا میوانداریت بکەن (دیلا ڤالا، 1370: 13). بەشێوەیەک کەسی میوان هەستی بە ئارامی و پاراستن کردوە، لەهەمانکاتدا زۆربەی ماڵەکانی مەهاباد، بەتایبەت گەورەکان و سەرۆک هۆزەکان شوێنێکی تایبەتیان هەبو بە میوان کە بە دیوەخانە دەناسرا، لەکاتی چونی میواندا کەسی میوان ڕاستەوخۆ دەچوە دیوەخانە، بەبێ ئەوەی پارە بدات، خواردن و جێگای تایبەتی بۆ دابیندەکرا، دیوەخانەکان بە یەکێک لە نیشانەکانی گەورەیی دانیشتوانی مەهاباد ئەژمار دەکران. هەرکێیەک دیوەخانەی گەورەتر بوایەو میوانی زیاتری هەبوایە لەلایەن خەڵکەوە پێگەیەکی گەورەتری هەبو و بەچاوێکی گەورەوە تەماشای دەکرا (ثنایی، ١٤٠١: ١٥١٨).

هەر یەک لە نوسەران: ڕاولینسۆن، حاج سەیاح، دی مۆرگان، ئۆلیڤییە، فریزێر و هابارد، ئاماژە بەمیوانداری و ڕێزی زۆری دانیشتوانی کوردستانی موکریان لەبەرامبەر میواندا دەکەن، بۆ نمونە حاج سەییاح[1] کە لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و لەساڵی 1883 بۆ دۆزینەوەی گۆڕی هەمزاغای مەنگوڕ و چۆنیەتی تیرۆرکردنی دەچێتە مەهاباد، ئاماژە بە میواندۆستی دانیشتوانی شارەکە دەکات و دەڵێت:" خەڵکەکە زۆر دلۆڤان و دڵساف بون، دۆیەکی خۆشیان بۆ هێناین، زۆر چاکتر لە دۆی برۆجێرد، ئەوەندەی توانییان خزمەتی خۆمان و ئەسپەکانیشیان کردین، زۆر دڵخۆش بوم بەو خزمەتە زۆرەی ئەوان" (حاج سەییاح، 1356: 249).

شوێنەوارناسی ئەڵمانی دی مۆرگان[2] لەساڵی 1890 باس لەمیوانداری دانیشتوانی مەهاباد دەکات و دەڵێت: "بۆ حەوانەوەی شەو میوانی خدر ئاغای دیبۆکری بوین، لەگەڵ گەیشتنمان پیاوێک وەک ڕێنوێنیکەر ئێمەی بۆ حەوشەیەکی گەورە برد، کە نزیک بە پازدە تاوس لەو حەوشەیەدا هاتوچۆیان دەکرد، خدرئاغا کە لەبەردەم ماڵی خۆیدا دانیشتبو زۆر بەگەرمی ئێمەی قبول کردو بەرەو ژورەوە خولڤی کردین، سەرەتا بە حەوشەیەکی تر کە بە گوڵ ڕازابویەوە گەیشتین و دواتریش بۆ ژورەوە کە لاکێشەو ڕاخەر تێیدا ڕاخرابون، خانە خوێیەکەمان خدرئاغا هەندێکجار بە فارسی و هەندێک جاریش بە تورکی قسەی لەگەڵ دەکردین، دوای کەمێک خدراغا بەرەوە لای ژوری خۆی ڕۆیشت و بە دەستەکانی سینیەکی پڕ لە میوەو شەربەتی بۆمان هێنا، خدرئاغا کە پیاوێکی پیری باڵابەرز و سمێڵی سپی بو لە گەورە پیاوانی کوردی زۆر بەڕێز بو، کاتی خەو هات، ئێمە کە ویستمان بخەوین لەناکاو تەپۆو مێشولەکانی موکریان هێرشیان بۆمان هێنا، هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا دەنگی وەڕینی سەگەکانی دەرەوەمان بەگوێ دەگەیشت، دواتر دەنگی گۆرانیبێژی شەوانەی خدر ئاغا دەستی پێکرد، دەرکەوت کە خانەخوێی ئێمە واتا خدراغا شەوانە وەک ئێرانیە عەجەمەکان بە مۆسیقا یان گۆرانی دەخەوێت (دی مۆرگان، 2012: 31 _ 32).

لەلایەکی دیکە ڕۆژهەڵاتناس و گەڕیدەی ئیتاڵی پیترۆ دیلا ڤالا (Pietro Della Valle) باس لە دڵ نەرمی و میوانداری خەڵکی ناوچەکە دەکات و ئاماژە بەوەشدەکات کە بە دلۆڤانی و دڵسۆزییەکی تەواوەوە خزمەتیان کردون، ئەمەش ئەوەی بۆ دەرخستوە کە کورد گەلێکی میواندۆست و میهرەبانن (دیلا ڤالا، 1370: 14).

ئۆژین ئۆبن (Eygene Aubin) گەڕیدەو دیبلۆماتی فەرەنسی کە لەساڵی ١٩٠٦ سەردانی ناوچەکە دەکات، زۆر جوانتر باس لەشێوازی میوانداری دانیشتوانی مەهاباد دەکات لە کاتی گەیشتینی بەشارەکەو وێنایەکی جوانی ئەو دیاردەیەی دانیشتوانی شارەکەی کردوەو دەڵێت: "لەشارو گوندەکانی دەوروبەرەوە زیاتر لە پێنج سەد سوار هاتبون، ئەسپێک بە زین و بەرگی زیوینەوە کە تۆقێکی زێڕیان بەدەوری ملی هەڵواسیبو،

بۆ سواربونی من تەرخان کردبو، لەپێش ئەسپی منەوە بەپێی ڕێورەسمی میوانداری کوردان، گەورەو سەردەستەکان، ئەسپەکانیان خێرا خێرا هەڵدەسوڕاندو بەشێکیش لەسوارچاکە گەنجەکان وەک ڕێزێک بۆ هاتنی ئێمە ڕمبازێنیان دەکرد، هاوکات ژمارەیەکی زۆر لە ئەسپ سوارەکان بۆ هاویشتنی تەقالە[٣] ئەسپەکانیان چوار ناڵ تاو دەدا، (ئوبن، 1362: 111 _ 112). هاوکات ئۆلیڤییە لە گەشتەکەیدا ئاماژە بەوەدەکات کاتێک گەیشتون بەناوچەکە، ئەو کوردانەی لەدەوروبەری بون بەردەوام ئازوخەو خۆراکیان بۆ هێناون، بەو هۆیەشەوە گۆشتی بەرخ و هێلکەو شیرو ماستێکی زۆریان پێ بوە، ئەمەش وەک نیشانەی ڕێزو وەفای کورد لێکدەداتەوە (ئۆلیڤییە، 1371: 29).

لەلایەکی دیکەوە ژوبێر ئاماژە بەوەدەکات کە زۆرجار میوان لەلایەن خانەخوێ، بەتایبەت لەلایەن عەشایەرەکان، دیاری تایبەتیان پێدەدرا، کە وەک نیشانەیەکی ڕێزگرتن وابو، هەندیک جاریش کەلوپەل و خۆراک و ئاسایشی پێویستیان بۆ ڕێگا بۆ دابین دەکرا (ژوبیر، ١٣٤٧: 70). میوانداری دانیشتوانی شاری مەهاباد سەرنجی بەشێک لە گەڕیدەکانی دیکەی ڕاکێشاوە، لەوانەش ویلهێلم لیتن[٤] لە سەفەرەکەیدا بۆ مەهاباد لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم ئاماژە بە دیاردەیەکی دیکەی ڕێزگرتن لە میوان دەکات، نوسیویە: "بردینیان بۆ هۆڵێکی گەورە، لەوێدا نزیکەی سی کورد لەقەراغی دیوار لەسەر زەوی دانیشتبون، ئێمەش پێخواس چوینە سەرەوەی هۆڵەکە، کوردەکان تەنها بۆ یەک خولەکیش میوان بەتەنیا بەجێناهێڵن، تەنیا جێهێشتنی میوان بە نیشانەی بێ ڕێزی دەزانن، ئەوان سەرەڕای میوانداریێتی بەتەواوی هێزی خۆیان لەمیوان کۆدەبنەوەو دوای نان خواردن خاوەن ماڵ تەشتێک و سابونێک و کتریەک ئاوی هێنا، ئێمە دەستمان دەشۆردو ئەویش بە کتریەکە ئاوی بە دەستماندا دەکرد" (لیتن، 1396: 34 _ 47). هەروەها مسیۆنەری نەرویجی (مارتاداڵ) کە لەڕۆژی شەممەی مانگی مەی ١٩٢٥ دەچێتە مەهاباد، باس لەمیواندۆستی دانیشتوانی شارەکە دەکات و دەڵێت: "ئەوە چوارەم هەفتەیە لێرەم، هەست دەکەم لەماڵی خۆمم و ئەوەندە خۆشحاڵم نەبێتەوە، هەست دەکەم لەو شوێنەم کە خودا دەیهەوێت لەوێ بم، سەبارەت بەوە یەکجار سوپاس گوزارم، بەڕاستی عاشقی ئەو خەڵکەم" (سەلیمی، ٢٠٢٢: ١٩٢).

ئەنگس وارد، ڕاوێژکاری باڵیۆزی فەرەنسا لە تاران، ساڵی ١٩٤٦ لەسەردانەکەیدا بۆ مەهاباد ئاماژە بەمیواندۆستی خەڵکی مەهاباد دەکات، ئاماژە بەوەدەکات کە ١٥ کیلۆمەتر پێش ئەوەی بگاتە شارەکە شاندێکی شارەکە بەسەرۆکایەتی سەرۆکی شارەوانی مەهاباد و چەند کەسایەتییەک چونەتە پێشوازی، لە مەهابادیش ڕێزێکی ئێجگار زۆری لێگیراوە، لەکاتی مانەوەشیدا میوانداریيەکی زۆر کراوە، خەڵکێکی زۆری شارەکەش چونەتە بەخێرهاتنی. ئەنگن وارد لە یادداشتەکانیدا خۆشحاڵی خۆی بەو ڕێزو میوانداریيەی

کوردانی مەهاباد دەربڕیوە، هەروەک ئاماژەی بۆ دەکات گەشتەکەی بۆ مەهاباد گەشتێکی ئارام و بێ کێشە بوە (وارد، ١٣٩٩: ١١٣_ ١١٤).

بەم شێوەیە دەردەکەوێت یەکێک لەدابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانی دانیشتوانی شاری مەهاباد ڕێوڕەسمی میوانداریێتی بوەو بەلایانەوە پێگەیەکی دیاری هەبوەو بایەخێکی زۆریشی پێدراوە، هەربۆیە دەبینین سەرچاوەکان زۆر بەجوانی وێنای ئەم شێوازە میوانداریێتیەی دانیشتوانی شارەکەیان کردوە. هەرچەندە بەگشتی گەڕیدەو ڕێبواران کە بەناوچەکانی کوردستاندا ڕەت بون ئاماژە بەمیواندۆستی گەلی کورد دەکەن، بەڵام بەپشت بەست بەو سەرچاوانەی هاتونەتە شارە دەکرێ بڵێین کە میوانداری دابونەرتێکی هەر لەپێشی دانیشتوانی شارە بو. وەک لیتن ئاماژە پێدەکات خاوەن ماڵ گرنگیەکی لەڕادەبەدەری بە میوان دەدا (لیتن، ١٣٩٦: ٣٤_ ٤٧).

## دوەم: ئەسپ سواری و سوارچاکی

ئەسپ سواری و سوارچاکی یەکێک بو لە داب و نەریتە کۆنەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری و کوردستانی موکریان، ئەمەش لە یادداشتی گەڕیدەو ڕۆژهەڵاتناسەکاندا بۆ کوردستانی موکریان و مەهاباد ئاماژەی بۆ کراوە. هەروەک هاشمی شیرازی ئاماژە بەوەدەکات کە ئەسپ سواری و تیرەندازی دو دو دیاردەی بەرزی کۆمەڵایەتی و لەسەرگەرمییەکانی خەڵکی مەهاباد بون (شیرازی، ١٣٨٠: ٣٣).

دی مۆرگان لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم لەسەردانەکەیدا بۆ مەهاباد تێبینی ئەوەی کردوەو دەڵێت:" کوردی ناوچەی موکریان بەڕادەیەکی زۆر ئەسپ دۆستن و ئەسپیان خۆش دەوێت، هەرچەندە بەڕای من تورکەکان لەبەراورد لەگەڵ کوردەکاندا ئەسپ سواری باشترن، بەڵام کوردەکانیش لەم بوارەدا ئەزمونی باشیان هەیە، ئەم گەلە ئەسپ سواری و ڕاوکردنی بە ئەسپیان زۆر حەز لێیە، بەڵام ئەم ڕاوکردنە کە ئێمە لە ئەوروپا بینیومانە لەگەڵ ڕاوی بە ئەسپی کورداندا جیاوازی زۆرە، کوردەکان بەتوندی بەدوای نێچیرەکاندا ڕادەکەن و لەگەڵ ڕاکردن بەرەو ڕاوەکەیان تیرەکانیان دەهاوێژن، دەکرێت بڵێین ئەسپ سواری وەها لەگەڵ خوڕەوشتیان تێکەڵ بوە کە ئەوان بەبێ ئەسپ سواری ماوەیەکی زۆر ناڕۆن، ئەم حاڵەتە لای خەڵکی هەژار بەو شێوەیە نیە، لەبەرامبەردا هەژاران توانایەکی زۆری بە پێ ڕۆشتنیان هەیەو ماندونەناسن" (دی مۆرگان، 2012: 49).

هاوکات مینۆرسکی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا سوارچاکی بە یەکێک دابونەریتەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری و لەڕواڵەتە بەرزەکانی ژیانی کوردەواری داناوە، کە هەمو چینەکانی گەلی کوردی دەگرتەوەو کە هەر لە کۆنەوە شانازیان پێوەکردوە (مینۆرسکی، ٢٠٠٧ _ 133).

لەلایەکی دیکە زۆرجار ئەسپ سواری وەک نیشانەیەک بۆ شەهامەت و خۆنیشاندان سەیر دەکرا، هەربۆیە لەوەرزی سەیران و چونە دەرەوەی خەڵک بۆ سەیرانگاو ناوچەکانی دەوروبەری مەهاباد، ئەسپ سوار ئەسپەکەی زین و لغاو دەکردو دەیڕازاندەوە، زۆرجاریش چەند گەنجێک بەیەکەوە نمایش و پێشبرکێیەکی جوانیان بەئەسپەکانیان دەکرد، وەک نیشانگەلێک بۆ نیشاندانی هێزو توانای خۆیان (ئەنجیری موتلەق، بێ سالی چاپ: ١٤٦). ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەسپ سواری وەک نیشانەی ئازایەتی و دەسەڵات تەماشاکراوە.

نوسەری نامیلکەی هۆزەکانی دەوروبەری سابڵاغی موکری د.جەوادی قازی نوسەرو کەسایەتی دیاری شاری مەهاباد لەسەرەتای سەدەی بیستەم، لەبارەی سوارچاکی و ئەسپ سواری لەناو هۆزەکانی مەهاباد ئاماژە بەوەدەکات کە منداڵان هەر لە سەرەتاوە فێری سوارچاکی دەکرێن، دەبێت مێردمنداڵێک فێری سوارچاکی و تفەنگ تەقاندن بێت، هەر لەتەمەنی دە ساڵیەوە فێری ئەسپی دەکەن، بەتوندی لەزینی شەتەک دەدەن و ئینجا لەئەسپەکە دەخوڕن، ئەو ئەسپە دەست دەکات بە غاردان و هەڵپەڕین و دابەزین، تا لەدواییدا لەبەر هیلاکی ڕادەوەستێ، ئەو سوارانەی چاودێری دەکەن بەدوایاندا دێن و مێردمنداڵەکە لەکپلی ئەسپەکە دادەگرن، ئیدی ئەمە چەند ڕۆژێک دەخایەنێت، تائەو منداڵە ترسی دەرەوێتەوەو ناچاری فێری دەکات خۆی لەسەر پشتی ئەسپەکە ڕاگرێت و بەسەر ئەسپەکەدا زاڵ بێت (جەوادی قازی، 2009: 12)

سەرچاوە خۆجێیەکانی مەهابادیش ئاماژەیان بە گرنگی ئەسپ سواری بەلای دانیشتوانی شارەکەوە کردوە، ئەمەش لەچاوپێکەوتنێکی کەسایەتی بەتەمەنی مەهاباد برایمی قادری لەگەل محەمەدی کەریمی دا ئاماژە بەوەدەکات کە ئەسپ و سوارکار قەدرو حورمەتیان زۆر بوە، بە ئەسپی ڕەسەنیان گوتوە (بەڵەک)، ئەگەر ڕەنگیشی زەردبا دەبو بە ئەسپی (شێ) و ئەسپی زەردی ڕەنگ تۆخ دەبو بە (خورمایی) و لە کایەی تەقلەلێدانیشدا کەڵکیان لە ماینیش وەرگرتوە (کریمی، ٢٠٢٢: ٣٧)، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە خەڵک بە گرنگییەوە لە ئەسپ و ئەسپ سواریان ڕوانیوەو پۆلێن بەندییان بۆ ئەسپ و جۆرەکانی کردوە. بەدەر لەوانەش ناوچەی مەهاباد ناوچەیەکی لەبار بو بۆ بەخێوکردنی ئەسپ، هەر لەکۆنەوە ناوچەکە بە بەخێوکردنی ئەسپی بەناوبانگ ناوبانگی دەرکردبو، بەخێوکردن و پەروەردەکردنی ئەسپ بەیەکێک لەشانازییەکانی خەڵکی ناوچەکە ئەژماردەکرا، هاوکات خەڵکەکە ئارەزویەکی زۆریان بۆ بەخێوکردنی ئەسپ هەبو و بەشێک لەکەرەستەکانی گواستنەوە بەتایبەت لەلای عەشیرەتەکانی ناوچەکە وەک مەنگوڕ، گەورک و مامەش و پیران لەڕێگەی ئەسپەوە جێبەجێدەکرا (مجدی، ١٣٣٣: جلد اول، ٣١).

سەیید محەمەدی صمدی نوسەری مێژوی مەهابادیش لەو بارەیەوە ئاماژە بەوە دەکات کە منداڵ هەر لەسەرەتای تەمەنیەوە لەبەکارهێنانی ئەسپ و سوارچاکیدا ڕاهێنانی پێدەکردا، هەروەها لەسەر بەکارهێنانی

چەک ڕاهێنانیان پێدەکرا تاوەکو وەک سوارەیەکی پۆشتەوپەرداغ دەربکەون، زۆربەی چەکەکانیشیان بریتی بون لە (ماوزەڕی) ئەڵمانی، دەمانچە، خەنجەر، هەموکەسێک هەمیشە تفەنگی خۆی پێ بو، چەند ڕەدیفێکی جوانیشی لە خۆی دەئالآند (صمدی، 2/ 1381: 92). لەکۆنەوە لەلای خەڵکی ناوچەکە چەک وەک ئامرازێکی جێگەی شانازی سەیرکراوە، بەتایبەت لەلای عەشیرەتەکان کە باشترین چەکداری پەروەردەکراویان هەبوە (مجدی، ١٣٣٣: جلد اول، ٣٤).

بەمەش دەردەکەوێت ئەسپ سواری و سوارچاکی لەشاری مەهاباد لەو قۆناغەدا دیاردەکی کۆمەڵایەتی بەرز بوەو هەر لەتەمەنی منداڵییەوە بایەخ بەو بابەتە دراوە، کە بۆ قۆناغەکە ئەو دیاردەیە خاوەن خەسڵەتێکی بەرزی کۆمەڵایەتی بوە.

## سێیەم: گاڵتەوگەپ و یارییە میللییەکان

بەپێی نەریتی سەردەم، هەر لەکۆنەوە گاڵتەوگەپ و یاریکردن، بەشێکی گرنگ بون لەژیانی کۆمەڵایەتی کورد، بێگومان ئەو یارییە کۆنانەش بەشێکن لە ناسنامەی مێژویی نەتەوەی کورد، ناوچەی کوردستانی موکریان و لەناویشیاندا شاری مەهاباد خەڵکەکەی بەوە ناسراون کە خەڵکێکی ڕوخۆش و کۆمەڵایەتین، ئاشنایی و هاموشۆیی زۆر و گاڵتەوگەپ و یاری لەنێو ئەندامانی ئەو شارە هەر لەکۆنەوە بایەخی زۆری هەبوە، بەتایبەتی لەو قۆناغە مێژوییەدا کە ژیان زۆر سادە بوەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەوپەڕی بەهێزیدا بون، هەربۆیە دەبینین لەقۆناغی توێژینەوەکەماندا چەندین یاری و کایەو گاڵتەو گەپ لە شاری مەهاباد هەبون، کە بەشێکن لە مێژوی شارەکە. هاشمی شیرازیش ئاماژەی بەچەند یارییەکی میللی کردوە، لەوانە: شەترنج، دامە، تەختە، یاری بە فنجان کە لەمەهاباد پێیان دەگوت فنجانێن، جۆرابین (شیرازی، ١٣٨٠: ٣٣).

نوسەری کتێبی (داشا مەجید) کە بۆخۆی لەناو ڕوداوەکان بوە، دەڵێت: "بەهۆی نەبونی هۆکارەکانی کات بەسەربردن، کات بەسەربردنی گەنج و منداڵ لە کۆڵانەکان بو، سەرقاڵی بەسەربردنی کاتەکانیان بون بە یارییە میللییەکانەوە، پیاوەکانیش شەوانە بەتایبەت لە وەرزە ساردەکاندا لەدەوری یەکتری کۆدەبونەوە، یارییە میللییەکان بەشێک بون لە کات بەسەربردنی شەوە درێژەکانی زستان (ئەنجیری موتلەق، بێ ساڵی چاپ: ١٥٧_ ١٥٨).

هەر لەمبارەیەوە نوسەرێکی تر نوسیویەتی، شەوانە خەڵک بەتایبەت دراوسێ و ناسیاوەکان لەدەوری یەکتر کۆدەبونەوە، بەتایبەت شەوانی پایزو زستان کە شەو درێژ بون خەڵک لەماڵەکانیاندا سەرقاڵ و سەرگەرمی ئەنجامدانی یارییە میللییەکان بون، وەک جۆرابێن، دۆمینەو طاوڵەو هتد... ئەو جۆرە سەردان و سەرگەرمی و یارییە میللییانە تایبەتمەندییەکی ناوچەیی بەخۆوەگرتبو، بەتایبەت لەو وەرزانەی کە سەرما

بون و خەڵک بێکاربون، هەربۆیە بۆ بەسەربردنی شەو خەڵک لەدەوری یەکتری کۆدەبونەوە (هدایتی، ١٣٩٦: ٥٧).

لەناوچەکانی موکریان و شاری مەهاباد بەمەبەستی بەسەربردنی کاتێکی خۆش، بەتایبەت لەوەرزی زستاندا چەند یاریەکی فۆلکلۆریی و خۆجێی هەبون، بەشێکیان هەمان یارییە فۆلکلۆرییەکانی ناوچەی موکریان بون، هەندێکی تریان تایبەت بون بە شارەکە، بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین یاری و گاڵتەو گەپەکانی لەشاری مەهاباد بەم شێوەیە پۆلین بکەین: (ئەو یاریانەی باری چالاکی وەرزشییان هەیە، ئەو یاریانەی باری کاتبەسەربردنیان هەیە، ئەو یاریانەی باری کۆمەلایەتیان هەیە، ئەو یاریانەی باری ئاینابیان هەیە، ئەو یاریانەی کە بە قومار دادەنرێن و دۆڕاندنن و بردنەوەیان تێدایە، ئەو یاریانەی لەباری هزرو فکرەوە بەرچاون، ئەو یاریانەی کە لایەنی مێژویی و نەتەوەییان هەیە، ئەو یاریانەی کە لایەنی گاڵتەوگەپی لەبەرچاوە) (کاکەخضری،1389: 13_30).

نوسەری کتێبی (داشامەجید)، یارییە میللییەکانی سەردەمی منداڵی خۆی بەم شێوەیە ڕیزبەند کردون: (حەلح حلۆی بەشەققان، قەرێ قەرێ، ئەی سوتام و ئەی برژام، دایە مەمدە بەگورگی، چەلێک حەمزەل، کیسەڵی ئیندەرقاشی، هەتەختە تەختە، گۆیین، خوززێن، خەستەکێنە، ئەمن و تۆ ئاوالین، قرتێن، گردونک، مەزرەق، شێلاقە، بادبادک، ئالەبوک، مەشکە ڕەش) (ئەنجیری موتلەق، بێ ساڵی چاپ: ١٥٩_ ١٦٠). هاشمی شیرازی لەبارەی یارییەکانی سەردەمی منداڵی خۆی لەساڵانی ١٩١٩ بەدواوە ئاماژە بە یارییەکانی وەک میشێن، جگێن، دارهەلوک، قرەقرێن و ئەسپسواری دەکات (شیرازی، ١٣٨٠: ٤٣).

هەرچەندە بەپێی سەردەم قۆناغەکان یارییەکان لە زیادو کەمدا بون و گۆڕانکاریی دیاریان بەخۆوە دیوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە لە بەناوبانگترین یارییەکانی شاری مەهابادو ناوچەکانی دەوروبەری بریتیبون لە:

– گۆمەشینە: کۆمەڵێک خەڵک لەماڵێکدا کۆدەبونەوە و بە بازنەیی دادەنیشتن، کڵاوێکیان لەنێوان خۆیاندا دەشاردەوە، یەکێک لەئامادەبوان لە ناوەڕاستی بازنەکە دادەنیشت و دەبو کڵاوەکە بدۆزێتەوە، دەنا بەسەرکەوتو دانەدەنرا، لەوکاتەشدا بەچەند کەسێک بەرزیان دەکردەوە بۆ سەرشانیان و بەپێکەنین وخەندەوە یارییەکە دوبارە دەکرایەوە (شکاک نەژداد، 1368: 22_26).

– جۆرابێن: باوترین یاری ناوچەکە بوە، زۆرترین شەوانی زستان پیاوانی گوند لەماڵێکدا کۆدەبونەوە، ئەو یارییە هەتا درەنگانی شەوی دەخایەند (کاکەخضری،1389: 88_ 89).

– تۆپین (تۆپە ڕاکردێن): ئەو یارییە لە گوندەکاندا لەنێوان چەند کەسێک ئەنجام دەدرا، تۆپەکە لە بەن دروست دەکرا، بەدارێک هەڵدەدرا ئاسمان و هەرکەسێک تۆپەکەی گرتبایەوە بە براوە دادەنرا.

– جگێن ومشێن (کەلایەن): لەوەرزی بێکاری و لەگوندەکاندا لەنێوان چەند کەسێک ئەنجام دەدرا.

– تەقڵە: (مینۆرسکی) تێبینی ئەو جۆرە یارییەی کردوە، کە بریتییە لەوەی پیاوێک تێلاوێکی ڕەق هەڵدەدات و لەهەوادا دەیگرێتەوە (مینۆرسکی، 2007: 98).

هاوکات لەگەڵ ئەو یارییانە، چەند یارییەکی تر لە ناوچەکەدا هەبون، کە هەمان یاری ناوچەکانی تری موکریان بون، ئەو یارییانە شێوەیەکی فۆلکلۆری و ناوچەییان وەرگرتبو، بەدەم گاڵتەوگەپ و قسەی خۆش یارییەکان ئەنجام دەدران و کاتەکانی بێ ئیشییان لەوەرزی زستاندا پڕدەکردەوە، لە بەناوبانگترین یارییەکانی تریش بریتیبون لە: (دەسرەفراندن، خوزێن، دایە مەمدە بەگورگی، چەلەک حەمزەل، خەستەکێن، بازەڵێن، مەزرەق داکوتان، بوکە بەبارانە، شەڕەگەڕەک، بارەخوێ، پێنج بەردە، داروهەلوکێ، گوێن، قەرەقەرێن (آرش، 2368: 59)، پشکیلان، گورجگورجێن، شەللاقە، فنجانێن، دامە، هەیچو هەیچوێن، شەیتان شەیتانێن، کۆسە کۆسێن، سەبەتە بەترشە (شکاک نەژداد، 1368: 22_26) حەلو حەلوی بەشەققان، قەرێ قەرێ، ئەی سوتام ئەی برژام، کیسەڵی ئیندەرقاش، چنگێن، بارەخوێ، پێنج بەردە، دار هەلوکێن، گوێ، قەرێ قەرێن (صمدی، 1373: 429 _ 430)، کەرەجو، هەیجۆ هەیجۆیەن، مام ڕەمەزان، نان نانێن، سێ کوچکێن، حەقلەمەقۆ، ماسی بەمنە، گورزی بە تورێن، گرێوەغار، مەنجەڵۆکێ، خۆشاردنەوەکێن، کێلانی، شەڕەشەپ، گوێ پڕیشکێن، شێلاقە، مزرەق داکوتان، هەمزەڵێن، خوگەملە، قەرەقەرێن، گورج گورجێن، جەغزێن، گرێوەدار، پاڵەپەستە، شەڕەئاو، چاوبەستە، شەڕەبەفر، زو ڕۆنیشە، قالەمالە زەمبەرزو، هەپک هەپک، زۆرەوانی عروسی، بۆ دراوێن، بۆ سواڵی دەکەی؟، شار بە شار، تەڵە ڕێوی، ئەدی بۆ دەترسی، قەتارە، خول خولێن، فڕی فڕی، تەختە تەختە، ئای مشک مشک، کەباب کەبابێن، شەڕەدرۆ، قەلاقوپ، شەڕە سەگ، تەقڵە داکوتان، ڕم بازێن، میرمیرێن، لۆدە، بانژۆر، جەغزێن، نەردێن، لاڵ لاڵین (کاکەخضری، 1389 _ 1 _4).

لەڕاستیدا هۆکاری زۆری و جۆراوجۆری یارییەکان بۆ بارودۆخی ئەو قۆناغە دەگەڕێتەوە کە ژیانی مرۆڤ بەگشتی ژیانێکی سادە بو، پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان لە ئاستێکی بەرزدا بون، لەهەندێک لە وەرزەکاندا بەتایبەت لە زستاندا ئاستی کارکردن کەمتر دەبۆوە، بەتایبەت بۆ جوتیاران و ئاژەڵدارەکانی شار، بۆیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لەئەنجامی وەرزی بێکاریدا دروست دەبو، پەنایان بۆ ئەو یارییانە دەبردو کاتەکانی شەوانەیان پێ بەڕێدەکرد، لەهەمان کاتدا ئەو یارییانە شێوەیەکی میللی و فۆلکلۆریانەی وەرگرتبو، وەچە دوای وەچە پشتاوپشت دەمانەوە. بێگومان بەگشتی لەکوردستانی هاوشێوەی ناوچەی مەهاباد گاڵتەوگەپ و یارییە میللیەکان هەبون، بەلام لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە جۆروجۆری لەیاریەکاندا هەبو.

## باسی دوەم: ڕێوڕەسمەکانی هاوسەرگیری، شایی و چونە سەر چاک و پیران

### یەکەم: ڕێوڕەسمی هاوسەرگیری

پرۆسەی هاوسەرگیری وەک بەشی سەرەکی ژیان و دامەزراندنی خێزان و بنەماڵە، لەهەمو سەردەم و قۆناغەکاندا بایەخێکی تایبەتی پێدراوە، بێگومان زەمەن و گۆڕانکارییەکانی دونیا کاریگەریی خۆیان هەبوە لە ڕێوڕەسمەکانی دروستکردن و چۆنیەتی پێکهێنانی خێزاندا.

پرۆسەی پێکهێنانی خێزان لەشاری مەهاباد لەو قۆناغەدا شێوەو شکڵێکی تایبەت بەخۆی هەبو (صمدی، 1396: 135). لەهەمانکاتدا ڕێوڕەسمی هاوسەرگیریش لە مەهاباد ڕەسانەیەتی و کەلەپوری دێرینی تایبەت بەخۆی هەبو (سەلیمی، 2001: 25) ئۆژین ئۆبن ئاماژە بەوە دەکات کە ناسینی هاوسەری داهاتو بۆ ئافرەت کارێکی ئاسایی بو، ئافرەت دەبو بەر لە هاوسەرگیری ئەو پیاوە بناسێت، کە دەبو بەهاوسەری و ئەوەش لەلایەن خەڵکی ناوچەکە ڕێگە پێدراوبو، زیاتر لەم بارەیەوە دەدوێت و دەڵێت: "بۆ ئاغاکان ناسینی ژنی داهاتویان بایەخێکی نەبو، بەڵام بۆ خەڵکی ئاسایی ناسینی هاوسەر، پێش هاوسەرگیری گرنگ بوە" (ئوبن، 1362 :110). نیکیتین ئاماژە بەودەکات کە کوڕان و کچانی کورد زۆرجار بە نهێنی لەگەڵ یەکتریدا ئاشنایەتی و دڵدارییان دەکرد (نیکیتین، 1366: 256).

لەگەشتەکەی بەناوچەکەدا سەبارەت بە هاوسەرگیری لەناو کورددا، درۆویل ئاماژە بەوەدەکات کە کوردان سەرەڕای ئەو ئازادیەی لەئاینی خۆیاندا هەیانەو مۆڵەتی چوار ژنیان پێدراوە، زیاتر خاوەن یەک ژنن، بەهۆی ئەوەی کە مێردەکانیان ژنی دیکە ناهێنن ئاسودەترن لەچاو ژنانی ناوچەکانی دیکەی ئێران (درۆویل، 1365: 321).

هاوکات ڕێوڕەسمی هاوسەرگیری بایەخێکی تایبەتی هەبو بەلای دانیشتوانی شارەکەوە، سەرچاوە خۆجێیەکانی مەهاباد وەک ئەحمەدی ئەنجیری موتڵەق بەم شێوەیە باسی ڕێوڕەسمی هاوسەرگیری لەمەهاباد دەکات: "ڕێوڕەسمی هاوسەرگیری لەمەهاباد زۆر جوان و دیدەنی بو، یان ئەوەی کە بوک سواری ئەسپ دەبو، یان ئەگەر ماڵی بوک نزیک لەماڵی زاوا بوایە هەر بەپێ و بە ڕێوڕەسمێکی تایبەت دەیانبردە ماڵی زاوا، لەهەردو بارەکەدا ڕێوڕەسمەکانی گواستنەوەی بوک زۆر جوان بو، لەکاتێکدا بوک سواری ئەسپ دەبو دو پیاو بە چەکەوە لەگەڵ ئەسپی بوکدا دەڕۆیشتن، پیاوێکیش پەتی ئەسپەکەی دەگرت و ڕایدەکێشا، لەچواردەوری ئەسپی بوک، کچان و کوڕانی گەنج بەچەپلە لێدان و کەیف و خۆشیەوە هەڵدەپەڕین و کوڕانی گەنجیش تواناو هێزی خۆیان لەڕێگەی ڕمبازی و زۆرجاریش تەقاندی فیشەک نیشاندەدا، کە ئەوەش وەک کلتورێکی ڕێوڕەسمی هاوسەرگیری لەمەهاباد سەیردەکرا، لەگەڵ گەیشتنی بوکیش بەماڵی زاوا دەبو بە تەقەو نمایشێکی تەواو بەو ڕێوڕەسمەی تیادا وێنا دەکرد (ئەنجیری موتلەق، بێساڵی چاپ: ١٦٩).

بێگومان پرۆسەی هاوسەرگیری بەگوێرەی قۆناغەکان لەشاری مەهاباد گۆڕانکاری بەسەرداهاتوە، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم شێوەیەکی تایبەت بەخۆی هەبو بەشێوەیەک دوای ئەوەی ماڵی کوڕەکە ڕەزامەندی بۆ ئەم پرۆسەیە وەردەگرن، یەک ئەسپ کەلوپەل و خۆراک و شیرینییان دەنارده ماڵی کچەکە (مطالعات فرهنگی مهاباد، 1342: 15).

دکتۆر هاشمی شیرازی لەبارەی پرۆسەی هاوسەرگیری لەمەهاباد لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم ئاماژە بەوەدەکات کە کچان و کوڕانی مەهاباد لەتەمەنێکی کەمدا هاوسەرگیری ئەنجام دەدەن، لەوەسفی کچان و کوڕانی شارەکەش ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە کچانی مەهاباد جوانن، خۆشەویست و نەجیب و پاک و شیک بون، لەهەڵسان و دانیشتنیان، لەکردارو گوفتاریاندا پاکی و جوانی دەدرەوشایەوە، کوڕانیش ڕێکوپێک و کردارو ڕەفتار جوان بون (شیرازی، ١٣٨٠: ٣٦).

زۆربەی جار هاوسەرگیری لەمەهاباد بەم شێوەیە دەستی پێدەکرد، دوای ناسینی کوڕ و کچ، کوڕەکە کەسوکاری خۆی دەنارده ماڵی کچەکە بۆ داواکاری، دوای ئەوەی ماڵی کچەکە ڕەزامەندییان نیشاندەدا، قۆناغەکانی مارەکردن و ڕێوڕەسمەکانی هاوسەرگیری دەستی پێدەکرد (صمدی، 1396: 135). دوای ئەوە دایک و باوک، ژنێکی بەتەمەن و هۆشمەند کە پێیان دەگوت بەربوک، دەیاننارده ماڵی کچەکە، بەروبوەکەکان لە موکریان خاوەن متمانی خەڵک و خاوەن ڕێز بون، بەربوکەکان بەشێوەیەکی نهێنی و بەڕێزەوە پەیوەندییان بە باوک و دایکی کچەکەوە دەکرد، سەبارەت بە زاوای داهاتویان، بەربوک پێگەی کۆمەلایەتی و خێزانی کوڕەکەو ئیش وکاریان و داهاتیانی بۆ ڕون دەکردنەوە، پاش ڕەزامەندی ماڵی کچەکە، ڕۆژێک دیاری دەکرا بۆ خوازبێنی و مارەکردن، دوای ئەوەی نیشانەدەکرا چەند پارچەیەکی گرانبەها لەزێر وەک (بازنە، پشتێندو گوڵەبەرۆک) بۆ بوک دەکڕدرا (سەلیمی، 2001: 25_ 26) پاشان قۆناغەکانی دیکەی پرۆسەکە دەستی پێدەکرد کە خۆی لە (جل هەڵگرتن، لێگێڕانەوە، خەنەبەندان و بوک گواستنەوە)دا دەبینیەوە، لە ڕۆژی گواستنەوەدا شایی و هەڵپەڕکێ و دەهۆڵ و زوڕناو گۆرانیبێژە میللییەکان بە بەیت و گۆرانییەکانیان ئاهەنگەکەیان دەڕازاندەوە.

ئۆژین ئوبن کە بەشداری لەیەکێک لە ڕێوڕەسمەکانی ژن گواستنەوە کردوە، ئەم پرۆسەیەی بەم شێوەیە وێنا کردوە: "ڕۆژێک کە بۆ ئاهەنگی گواستنەوە دانراوە، دەستەیەک سوارو خزمەتکاری زاوا لەگەڵ سازو دەهۆڵ دەچن بۆ هێنانی بوک، زاوا لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە لەخزم و کەس تا نیوەی ڕێگا دێنە پێشوازی و لەشوێنێک چاوەڕێ دەکەن، کاتێک دەستەی پێشەوەی بوک بەدیار دەکەون، وەک نەریتێکی ئێرانی، زاوا میوە وەک نیشانەی قبوڵکردن پیشانی بوک دەدات (ئوبن، 1362: 110 _ 111).

یەکێک لەدیاردە جوانەکانی ئەم پڕۆسەیە لەشاری مەهاباد خەنەبەندان بو، شەوی خەنەبەندان زۆرتر شۆربا و کفتە، یان هەڕشتە پڵاو سازدەکرا، لەو شەوەدا کوڕان و کچانی ماڵی زاواو بوک تێکەڵ دەبون، بە بەزم و گۆرانی و ئاهەنگ ڕێوڕەسمەکەیان دەڕازاندەوە، ماڵی بوک دیاری و خەڵاتیان بەپێی توانای ماددی خۆیان بۆ ماڵی زاوا دەکڕی و بوخچەیەکیان بۆ زاوا دەڕازاندەوە کە (کەواو پانتۆڵ یان کۆت و شاروال، کراس، ژێرکراس، ئودکلۆن، تنۆکە، کراوات، ڕیش تاش، گۆرەوی، دەسرە، شانە و دوگمەی سەردەستە)ی تێدا بو، هەردو ماڵەکەش لەماڵی خۆیان بۆ ئێوارێ میوانداریان لە خزم و کەسوکاریان دەکرد، لەو شەوەدا ئازادییەکی زۆر بە گەنجەکان دەدرا، دوای هەڵپەڕینێکی زۆر، دادەنیشتن، بە شیرینی و میوەو چا میوانداریەییەکەیان گەرم دەکرد، دوایی قاپێکی گەورە خەنەیان دەگرتەوەو بوک و زاوا خەنەیان دەگێڕاو هەر کەس قامکێکی لە خەنە دەگرت دوعای بەختەوەرییان بۆ بوک و زاوا دەکرد، دواییش هەمو قامکەکانی بوکێ خەنەدەکران، لەتەواوی ڕۆژو شەوەکانی شایی دا، شایەر دەچوە ژوری خاتونە بەسالاچوەکان و گۆرانی مەجلیسی بۆ دەگوتن و لەدواییشدا شاباشیان لە خاتونەکان وەردەگرت، گۆرانی و بەزم و سەفا بۆ ماوەی سێ شەو سێ ڕۆژان بەردەوام دەبو، بەمەش ڕێوڕەسمەکانی پرۆسەی هاوسەرگیری کۆتاییان دەهات (ئەحمەدێن،2/ 1399: 56).

جان ویشارد، لە گەشتەکەیدا بۆ ئێران بە ناونیشانی بیست سال لە ئێران (Twenty Years in Iran) سەردانی ناوچە کوردنشینەکانی ئێران دەکات و لەباسی ڕێوڕەسمی زەماوەندو گواستنەوەی بوک باس لەو شێوازو ڕێوڕەسمەکە دەکات کە بۆخۆی بینیویەتی و دەڵێت: "هەڵپەڕکێی ژن گواستنەوە لەناو کوردانداا بەبێ ڕێوڕەسم و تەقاندنی تفەنگ بەڕێوەناچێ، باوکی زاوا تەواوی خزم و دۆستانی خۆی بانگهێشت دەکات، زاوا کەوایەکی ڕەنگاوڕەنگی لەبەردایە، لەپێشیانەوە ڕادەوەستێ، هەمویان بە چەکەوە بەرەو ماڵی بوک دەچن، هەر کە نزیک بونەوە لەو شوێنە گوللە هاویشتن و لێدانی سازو دەهۆڵ و زوڕنا دەست پێدەکات، دوای ئەوەش ماڵی بوک دێنە دەرەوەو پێشوازی لەزاواو کەسوکاری دەکەن و کچەکە پیشکەشی کوڕەکە دەکەن و زاوا دەتوانێت کچەکە بەرێتە ماڵی خۆی و شەو بە سازو دەهۆڵ لێدان و شاییکردن بەڕێدەکەن، نزیکی نیوە شەو زاواو دەستەیەک لە خزم و کەسوکارو هاوڕێکانی بە چەند ئەسپێکەوە بوک بەرەو ماڵە تازەکەی دەبەن (ویشارد، 13٦٣: 45 _ 46). ئەم وێنانەی ویشارد بۆ پڕۆسەی هاوسەرگیری و ڕێوڕەسمەکانی لەناوچە کوردنشینەکان، وێنایەکی تەواو میللییانەو ناوچەییانەی دانیشتوانی ناوچەکە بو، کە بەپێی تێپەڕبونی کات چەندین ئاڵوگۆڕ بەسەر دابونەریت و کلتوری ئەم پڕۆسەیەدا هاتوە، بەڵام مۆرکی کوردانەو خۆجێییانە بەو پڕۆسەیەوە هەرمابو لە مەهابادو ناوچەکانی دەوروبەریدا وەک کەلتور پشتاوپشت پارێزگاری لێدەکرا.

جێگای ئاماژە پێدانە کە بەگوێرەی بەشێک لەسەرچاوە مێژووییەکان، زۆرترین کەس لەئاهەنگی هاوسەرگیریدا لەمەهاباد ئامادەدەبون و شایی و زەماوەندی تایبەت وەک کەلتور پشتاوشت بەجێمابو، بەتایبەت شاییەکی کۆمەڵایەتی تایبەت لەمەهاباددا باوبو کەپێی دەگوترا چۆپی، ژنان و پیاوان بەیەکەوە لەشاییدا بەشداربون و دەستی یەکتریان دەگرت و هەڵدەپەڕین (مجدی، ١٣٣٣: جلد اول، ٣٤).

ئەم ڕێورەسمەش بەگشتی لەکوردستان بایەخێکی تایبەت و ڕێورەسمی تایبەتی بۆ ئەنجام دەدرا، بەڵام لەشاری مەهاباد وەک سەرچاوەکان ئاماژەی بۆ دەکەن تایبەتمەندی و شێوازی ناوچەیی تایبەت بەخۆی هەبو، بەتایبەت ئەوەی کەلەو قۆناغەدا لەمەهاباد ئافرەت جۆرێک لەئازادی هەبو لەناسین و هەڵبژاردنی هاوسەردا، کە ڕەنگە ئەوە لەناوچەکانی دیکەی کوردستان زۆر کەم وەبەرچاو کەوێت.

## دووەم: هەڵپەڕکێ و شایی لە مەهاباد

هەڵپەڕکێ لەناو کورددا لەکۆنەوە پێگەیەکی تایبەتی هەیە، بەتێپەڕبونی کات بنەماکانی کاڵ نەبونەتەوە، بەڵکو بەردەوام بەشێوازەکانی باوی ڕابردو بەڕێوەدەچێت، یەحیا زۆکا لەکتێبەکەیدا (مێژوی ڕەقس لە ئێران) مێژوی هەلپەڕکێی کوردی لە کوردستانی ئێران دەگێڕێتەوە بۆ چوار هەزار ساڵ پێش زاین (زۆکا، 1357: 4 _ 6).

لەسەردانەکەیدا بۆ مەهاباد بارەی هەڵپەڕکێی کوردییەوە، گەڕیدەو دبلۆماتکاری فەرەنسی ئۆژین ئوبن دەڵێت: "ئەم هەڵپەڕکێ کوردییە نەتەوەییە کە بەدەنگی زوڕناو دەهۆڵ و توزەلە دەست پێدەکات، بریتییە لەجوڵانەوەی ڕیتمێک لەگەڵ هەڵسوڕانی ئارامی ئەندام، هەنگاوێک بۆ پێشەوەو هەنگاوێک بۆ دواوە هەڵدەگرن، ژن و پیاو تێکەڵ بەیەک دەستی یەکتری دەگرن، چەندان جار ئەم جوڵانە دوپات دەکەنەوە (ئوبن، 1362: 116)

موکریەکان لەو بڕوایەدان کە دیمەنەکانی شایی کوردی یەکێکە لەجوانترین نەریتەکانی باوی دونیا، کوڕان و کچانی لە یادە میللی و نەتەوەییەکان، لەکاتی مەراسیمی هاوسەرگیری شایی و زەماوەندی کوردانەیان ئەنجام دەدا، زۆرجاریش لەکاتی هەرەوەرزی چنینەوەی بەروبومە کشتوکاڵی و باخدارییەکان شایی و زەماوەندی تایبەتیان ئەنجامدەدا، چەند جۆرێک شایی و هەڵپەرکێ لە شاری مەهاباددا ئەنجامدەدرا لەوانەش (سێ چکە، گەڕانەوە، سێپێیی، شێخانی و داغە) (سەلیمی، 2001: 25 _ 26). بەشێک لەسەرچاوەکانیش پۆلێنبەندی جۆرەکانی شایی و هەڵپەڕکێیان لە مەهاباد بەگوێرەی قۆناغەکان بەچەند جۆرێک داناوە وەکو: شەرانی، شورو، سێ پێی، سێ کەسە، تەنزەرە، ترنگی، قلیچک، قاز قاز، بیربیری، ڕۆمانی، میرزەیی، کۆچەری، هوناری، لاچی، گەڕیان، هەڵگردن، فەتاح پاشایی، پشت پا، لەبنان، خانەمیری، زەنگی، حەریرە،

شێخانی، ڕاستەی مەریوانی، چەپی، هەوشار، شکاک، قەرەپیرەژن، گورپ، تەک تیر، ڕەگبار ڕواچی، چۆپی (مطالعات فرهنگی مهباد، 1342: 27).

هاوکات بەشێک لەسەرچاوەکان ئاماژە بەوەدەکەن کەلەو قۆناغەدا شایی و هەڵپەرکێ لەمەهاباد زۆر لەبرەودا بو، بەتایبەت سەرچاوە خۆجێیەکانی هاوسەردەم ئاماژە بەگرنگی پێدانی دانیشتوانی شارەکە دەکەن بە شایی و هەڵپەرکێ، بەنمونە لەچاوپێکەوتنێکدا ئیبراهیمی قادری گۆرانیبێژو کەسایەتی بەتەمەنی مەهاباد دەڵێت: "زۆربەی خەڵکی لە زەماوەندەکاندا بەشدارییان دەکردو هەڵدەپەڕین، لەپڕرا کەس سەرچۆپی لەکەس وەرنەدەگرت، تەنانەت گاوانیش بەڕێکوپێکی ئەنجام دەدرا، ئاغاکان و ژنەکانیان، سێ چوار گەڕ هەلدەپەڕین، ئاغای واهەبو گۆرانی بێژ و بەیت بێژی تایبەت بەخۆی هەبو کە حورمەتی دەگرتن" (کەریمی، ٢٠٢٢: ٣٤). دەتوانین بڵێین کە بەشێوەیەکی گشتی خەڵک بەشداری لە شایی و هەڵپەرکێکاندا دەکرد، چونکە سروشتی خەڵکی ئەو قۆناغە وابو کە شایی و هەڵپەرکێ بەتایبەت شایی چۆپییان پێخۆش بو، لەنیوان عەشیرەتەکانی ناوشارو دەوروبەری مەهاباد، ژنان و پیاوان بەیەکەوە بەشدارییان لەشایی و هەڵپەرکێدا دەکرد، بەتایبەت لەبۆنەکاندا وەک بۆنەکانی ژن گواستنەوە کە جارهەبو یەک هەفتە بەردەوام دەبو (مجدی، ١٣٣٣: جلد اول، ٣٧). ئەم دیاردە کەلتوری و کۆمەڵایەتیە هەرچەندە بەپێی زەمەن و قۆناغەکان لەمەهاباد گۆڕانکاری بەخۆوە دیوە، بەڵام وەک دیاردەیەکی گرنگ پارێزگاری لێکراوەو مەراسیم و بۆنەی تایبەتی بۆ ئەنجامدراوەو مۆرکێکی ناوچەیی و خۆجێی پێوەدیار بو.

## سێیەم: ڕێوڕەسمی چونە ماڵە شێخ و چونە سەرچاک و پیران

یەکێک لە ڕێوڕەسمەکانی دیکەی شاری مەهاباد، ڕیوڕەسمی چونی ماڵە شێخ و سەر چاک و پیران بو، ئەم دیاردەدیە وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و کلتوری لەهەمو ناوچەکانی کوردستان باوبو، ئەمەش بێگومان پەیوەندی بەدو لایەنی کەلتورو دابونەریت و ئاینەوە هەیە، بەتایبەت لەو قۆناغەدا کە ئاستی پێشکەوتن و تێگەیشتنی خەڵک و دکتۆرو چارەسەرکردن زۆر لاواز بو، بۆیە خەڵک پەنای بۆ زۆر شت دەبرد بەمەستی هێنانەدی خواستەکانی، یەکێک لەو ڕێگایانەش چونە سەر چاک و پیران بو، بەمەبەستی پاڕانەوەو نزاکردن بۆ هێنانەدی خواست و داواکاریەکانیان.

لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا بەگشتی، سەردانیکردنی مەزارگەکان جێی باوەڕ و بایەخی تایبەتی خەڵکی کورد بو، کە بۆ گەلێک مەبەست و ئامانجی لە کات و بۆنە جیاوازەکانی ساڵدا سەردانیان کردوە، ئەم نەریتەش لای هەمو چین وتوێژە کۆمەڵایەتی و شیوازەکانی ژیانی خەڵکی کوردستان هەبو، هەر لە کۆچەرییەکانەوە تا نیشتەجێکان، بە تایبەتی ژنان، بە ڕێگەوە ئەو شوێنانەی بە پیرۆزییان دەزانی قوربانیان لێدەکرد، ڕۆنیان بەسەر بەردە پیرۆزەکاندا دەڕشت و دەستەسڕ و پارچە پەڕۆیان بە لقی دارەکانەوە دەبەستەوە (ڤیلچێڤسکی،

2000: 85). بەتایبەت لەو قۆناغەدا لە شاری مەهابادیش هاوشێوەی هەمو ناوچەکانی تری کوردستان کۆمەڵێک بیروباوەڕ باوبون کە وایکردبو بەشێک لەخەڵکی بەردەوام لەوەهم و ترسدابن، بەنمونە (عەزیز ژیان) لەباسی باری کۆمەڵایەتی شاری مەهاباد لەسەرەتای سەدەی بیستەم دەڵێت: "باوەڕی پڕوپوچ پەرەی پێدەدرا، بەشێک لەگەورەو دایک و باوکان مێشکی منداڵ و لاوەکانیان بەباسی جنۆکەو دێوەزمە ئاخنیبو، لەشایی جنۆکان و لەڕۆحی کەسێک یان پیاوچاکێک دەدوان کەلەشوێنی تاریک و تنوک دەردەکەوێ، خەون بینین، پشمین و کۆخە کاریگەری هەبو لەسەر بڕیاری خەڵک، دانیشتوانی هەر گەڕەکێکی شار گرێدراو بە شێخێک بون کە پێیان دەگوتن مورید، موریدەکان ساڵی جارێک یا چەند جارێک سەردانی ماڵی شێخیان دەکردو دیاری نایابیان بۆ دەبرد، لەگەڕانەوەدا باسی کەرامات و موعجیزەی شێخ و داستانی سەیرو سەمەرەیان دەگێڕایەوە، ژنانیش ئیزنی ئەوەیان هەبو بە دەستە سەردانی ماڵێ شێخ بۆ زیارەت بکەن" (ژیان، ٢٠٢٢: ٢٦).

ئامانجی سەرەکی لەسەردانی ماڵە شێخ و مەزارگەی چاک و پیرانیش، چارەسەری نەخۆشی و گەیشتن بە نیاز و ئاواتەکانیان بو، واتا بە گشتی خەڵک بۆ مەبەستی جۆراوجۆر و چارەسەری زۆر لە نەخۆشی و ناخۆشییەکانیان ئەم دابونەریتەیان پەیڕەوکردوە، زۆرجاریش ژنی کورد سەردانی تەکیەی شێخێکی مردو یان زیندویان کردوە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیە جەستەیی و دەرونیەکانیان (گارنێت،1983: 36). هەر لەو قۆناغەشدا خەڵک تاڕادەیەکی زۆر بڕوای بە دکتۆرو دەرمان نەبو، لەهەمانکاتدا لە مەهاباد دکتۆر و نەخۆشخانە و دەرمان زۆر کەم بوە، بۆیە وازیان لە دکتۆر دەهێناو دەچونەوە لای دابونەریتە کۆنەکان، کە وەک کلتور بۆیان بەجێمابو، هەر یەک لەو چاک و پیرانەی مەهابادیشیان بۆ مەبەستێک دەست نیشان دەکرد، بەنمونە، چاکی (بابەقەتاری) لەگوندی ئاجی کەند بۆ چارەسەری کۆخە، بەتایبەتی کۆخەڕەشە بەکاردەهات و خەڵک سەردانی دەکرد، یەکێک لە مەزارگەکانی دیکە، مەزارگەی پیرمحەمەدی بوغدەدانی بو، ئەم مەزارگەیەش بۆ شیفای برینی جەستەو و زیپکەو کوان خەڵک سەردانی دەکرد، هەروەها چاک و مەزاری سوڵتان سەیدوەقاز (سعد ابن ابی وقاص)، لەنێوان هەردو شاری مەهابادو بۆکان، ژنان لەکاتی نەبونی منداڵی کوڕ سەردانیان دەکرد، هەروەها خەڵکی مەهاباد سەردانی مەزاری (کەس نەزان)یان دەکرد لە سەقز، تایبەت بو بەو کەسانەی کە باری دەرونیان تەواو نەبو، هەروەها سەردانی مەرقەدی (شێخ گوڵ)یان دەکرد لەشاری بۆکان، هەروەها چەندین مەزارو مەرقەدی دیکە لە شاری مەهاباد خەڵک سەردانیان دەکرد، وەک مەزارگەی بوداق سوڵتان، کە پێیان دەگوت بوداق سوڵتانی کەرامەتدار، هەروەها چاک و مەزارەکانی (شێخ تەها، خەزایی، مەلاجامی، قوڵقولاغ، چاکی تاقەدار، چاکەچکۆلە، ئەسحابە سپی، چاکی مەحمودکان، چاکە سەربراوە، حاجی مامیان، سەید کاکەجان)، هەروەها لەدەوروبەری مەهاباد چەندین چاک

و مەزاری دیکە هەبون خەڵک سەردانیان دەکرد بۆ نیازو مەرازی جۆراوجۆر لەوانەش: (سەید عەبدولقادری ئەتهەری، شێخی بورهانی، شێخی غەوسابادێ، شێخی زەنبیلی، سەید عەبدولقادری گەیلانی، شێخی گەزگەزی، شێخی زینوێ خەلانێ، مەلاڕەشە، مەلای دربکە) (ئەحمەدێن، ٣/ 1399: 48 _ 49).

هەروەها دیاردەیەکی دیکە لەو قۆناغەدا باوبو، خەڵکی مەهاباد دەچونە سەردانی مەلاو پیاوە ئاینییەکان و چاکانەو دیاری و سەرقەڵەمانەیان بۆ دەبردن، دوعاو نوشتەیان لێوەردەگرتن، دوعاو نوشتەیان لە پارچەی بەمێو دەگرت و لە ئاویان هەڵدەکێشا، ئاوەکەیان دەخواردەوەو دوعاو نوشتەکەیان لە پارچە پەڕۆیەکی سەوز دەدرو لەو جێگایەیان دەدا کە ئازاریان هەبو، یان بە بەرۆکیانەوە هەڵدەواسی، یان دەیانخستە ناو باڵنج و سەرین، یان لەسەرەوەی دەرگا دەیان شاردەوە، دوعاکانیش زۆر جۆربون، وەک دوعای چاوەزار، دوعای خۆشەویستی، دوعای زمان بەستن، دوعای ڕەش بون لەبەرچاوی خەڵک، دوعای سەرکەوتن لە کارو کاسپی، دوعای نەخۆشی، دوعای دۆزینەوەی ماڵی دزراو، دوعای ئەبودوجانە). چونی سەرچاک و پیران ڕێورەسمی تایبەتی هەبو، تێکەڵاوێک بو لە تۆبەی بڕواداران و پاڕانەوە، سەیرانی بە کۆمەڵ و سەیرو سوحبەت و گاڵتەو گەپ و دڵداری و گرتنی ڕەشبەڵەک، هەر چاک و پیرەش ڕۆژی خۆی بۆ دیاریکرابو، بۆ چونە سەر ئەم شوێنانە لەپێشدا خزم و کەس و دراوسێ ئاگاداردەکرانەوە لە چونیان بۆ سەر کام مەزارو کام ڕۆژە، نان و خواردەمەنی و میوەیان لەگەڵ خۆیان دەبرد، لەگەڵ کازیوەی بەیانی ماڵەکان لە شوێنێک کە دیاریان کردبو کۆدەبونەوە، ئەگەر چاکەکە نزیک بایە ئەوا بە پێیان و ئەگەر دوریش بایە، بە زۆری بە داشقە دەچون، بە صەڵاوات لێدان و فاتیحا خوێندن و دوعاو پاڕانەوە و دەف لێدان بەڕێ دەکەوتن، هەندێک جاریش دەنگ خۆشەکان گۆرانییان دەگوت و بەچەپڵە ڕێزان ڕێگایان دەبڕی، بۆ نانی بەیانی دەگەیشتنە سەر ئەو چاکەی بڕیاریان دابو سەردانی بکەن، بە صەڵاوات لێدان و دوعاکردن و پارانەوە. ڕێورەسمەکە دەستی پێدەکرد، بۆ نانی بەیانی (پەنیر، ماست، شیرێژ، ڕۆنەکەرە، قەیماغ، هەنگوین، پەتاتەی کوڵاو، هێلکەو حەلوا)یان دەخوارد، کە دەچونە سەر چاکەکە، حەوت جار، یان سی جار بەدەوری چاکەکەدا دەسوڕانەوە، پەڕۆی ڕەنگاوڕەنگیان بە دارو کێلەکانی سەر چاکەکە هەڵدەواسی، دواتر کێلی سەر گۆڕەکەیان ماچ دەکرد و خۆڵی دەوروبەری گۆڕەکەیان لە دەم و چاو، یان پشت و لاق و شوێنی نەخۆشیان دەدا، کچە گەنجەکان خەریکی پاڕانەوەبون و دەپاڕانەوە کە مرازیان بێتەدی و هاوسەرگیری بکەن

لەسەر چاکی بابەقەتارێ، هەرمێی وشکی وردیان دەهێنا، کە پێیان دەگوت هەرمێ ڕەقە، ئەگەر کەسێک کۆخەی گرتبا، هەرمێیەکەیان لە ئاو دەهاویشت و ئاوەکەیان دەدایە بیخواتەوە، لەسەر چاکی پیر محەمەدی، مریشکیان سەر دەبڕی، بەخوێن و خۆڵی سەر چاکەکە قوڕیان دەگرتەوەو ئەگەر کەسێک برین لە جەستەی هەبایە، ئەو قوڕەیان لە برینەکە دەدا، گۆشتی مریشکەکەیان دەدا بە ماڵە هەژارێک، دوای خواردنی دۆڵمەو

دۆکڵیوی ئێواره، خەڵکەکە کۆدەبونەوەو بە دڵێکی شادو پڕ لەهیوا لە سەردانی چاکەکە دەگەڕانەوەو بەم شێوەیە ڕێوڕەسمی چونە سەر چاک و پیران کۆتایی دەهات (ئەحمەدیێن،٣/ 1399: 48 _ 49).

جێگای ئاماژە بۆکردنە ئەم دیاردەیە لەو قۆناغەدا لەهەمو ناوچەکانی کوردستان بونی هەبو، بەڵام لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دی هەست بەجۆرێک لەجیاوازی دەکرا لە شێوازی پیادەکردنیدا، بێگومان ئەم ڕێوڕەسمە لە مەهاباد لەکۆنەوە پشتاوپشت بەجێماوە، کە تا ئێستاش سەرباری ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەریدا هاتون، تاڕادەیەک ئەو ڕێوڕەسمانەو مەراسیمی چونە سەر مەزاری چاک و پیران لەلای هەندێک لە خەڵکی مەهاباد هەرماوەو خەڵک پارێزگاری لەو ڕێوڕەسمە کۆمەڵایەتییە دەکەن.

## چوارەم: مەراسیمی مردو ناشتن

ئەگەر ڕێوڕەسمە خۆشی ئامێزەکان لە مەهاباد خاوەن گرنگی پێدانی تایبەت بێت، ئەوا مەراسیمی مردو ناشتنیش هیچی لەو بایەخ پێدانە کەمتر نیە، خەڵکی موکریان و مەهاباد گرنگیەکی تایبەت بەو ڕێوڕەسمە ناخۆش ئامێزەش دەدەن، کە ئەمەش کاریگەری کەلتوری بەجێماوی بەسەرەو دیارە، لەکاتێکدا کەسێک ژیان بەجێدەهێڵێت و کۆچی دوایی دەکات، خزم و کەسوکاری هەمو لەدەوری یەکتری کۆدەبنەوەو ماوەیەکی زۆر لەماتەم و پرسەدا دەمێننەوە (ثنائی، ١٤٠١، جلد دوم: ١٥٢٢).

دی مۆرگان سەرنجەکانی بەوردی لەسەر ئەو مەراسیمە تۆمارکردوە لەگوندی پەسوێ و دەڵێت:" ڕێوڕەسمی بەخاک سپاردنی مرویەک زۆر سەرنج ڕاکێشە، ئەو خەڵکانە تاڕادەیەک سادەیی و ساکاری چینەکانی پێش خۆیان پاراستوە، لەکاتی مانەوەی من لەگوندی پەسوێ پیاوێک مرد، لەماوەیەکی زۆر کەمدا گشت هاوسێکانی چون و پیاوان کەمتر هاوارو گریانیان هەبو، بەڵام ئافرەتان و منداڵان هاواری منداڵان هاواری بێ هیواییان  بە ئاسمان دەگەیشت؛...، نزیک بە نیو کاتژمێر دوای بڵاوبونەوەی هەواڵی کۆچی دوایی ئەم کەسە، پیاوانی گوند نوێژیان لەسەر خوێندو کۆچکردویان بەرەو ڕوبار برد، هەتا دوای جلوبەرگ لەبەرداناني بەپاکی بیشۆن...، شوشتنی کۆچکردو بەکۆتایی گەیشت و بەرەو گۆڕستان هەڵیاندەگرت، گشت خەڵکی گوند ئەم مردوەیان بەگریان و هاوارکردنەوە بەرەو گۆڕستان هاوڕێیەتی دەکردو لەوەدەچو کە ئەو کەسە لەلای گشت خەڵکی گوند جێگای ڕێز بوبێت، دوای داپۆشرانی گۆڕی کۆچکردو، ئافرەتان لەدەوری کۆبونەوەو گریانەکانیان درێژەپێداو دواتر بەدورکەوتنەوەیان و بەڕێکەوتن بەرەو گوند و بەهاواری (وەی وەی وەی) کە بەیەکەوە ئافرەتان دەیان گوتەوە، ئەم دۆخە درێژەی کێشا، دوای ئەمە کە پیاوان کاریان لەو ڕێوڕەسمەدا تەواو بو لەدەوری یەکتری کۆبونەوەو خەریک بە قلیان کێشان بون و باسیان لەئیش و کارەکانیان دەکرد (دی مۆرگان، ٢٠١٢: ٥٣_٥٤).

لەڕاستیدا مەراسیمی ناشتنی مردو وەک دابونەریتێکی ئاینی و کۆمەڵایەتی پشتاوپشت بەجێماوەو گۆڕانکاریەکی ئەوتۆی بەسەردانەهاتوە، ئەو مەڕاسیمەش کاریگەری ئاین و تاڕادەیەکیش کلتوری خۆمانەی خەڵکی ناوچەکەی بەسەرەوە بو.

**ئەنجام:**

١_دیاردە کەلتوری و کەلەپورییەکان لەمەهاباد بەلای دانیشتوانی مەهابادەوە خاوەن بایەخێکی زۆربون، هەربۆیەش نەوە لەدوای نەوە پارێزگارییان لێکراوە.

٢_ زۆربەی ماڵەکانی مەهاباد، بەتایبەت گەورەکان و سەرۆک هۆزەکان شوێنێکی تایبەتیان هەبو بە میوان کە بە دیوەخانە دەناسرا، کەتیایدا میوان هەستی بە ئارامی و ئاسودەیی دەکرد.

٣_ ئەسپ سواری وەک نیشانەیەک بۆ شەهامەت و خۆنیشاندان سەیر دەکرا، هەربۆیە لەوەرزی سەیران و چونە دەرەوەی خەڵک بۆ سەیرانگاو ناوچەکانی دەوروبەری مەهاباد، ئەسپسوار ئەسپەکەی زین و لغاو دەکردو دەیڕازەندەوە، زۆرجارانیش چەند گەنجێک بەیەکەوە نمایش و پێشبرکێیەکی جوانیان بەئەسپەکانیان دەکرد، وەک نیشانگەلێک بۆ نیشاندانی هێزو توانای خۆیان.

٤_ گاڵتەوگەپ و یارییە میللییەکان، شێوەیەکی فۆلکلۆریی و ناوچەییان وەرگرتبو، بەدەم گاڵتەوگەپ و قسەی خۆش یارییەکان ئەنجام دەدران و کاتەکانی بێ ئیشییان بەتایبەت لەوەرزی زستاندا پڕدەکردەوە.

٥_ ڕێوڕەسمی هاوسەرگیری لەمەهاباد وێنایەکی تەواو میللدیانەو ناوچەییانەی دانیشتوانی ناوچەکە بو، کە بەپێی تێپەڕبونی کات چەندین ئاڵوگۆڕ بەسەر دابونەریت و کلتوری ئەم پرۆسەیەدا هاتوە، بەڵام مۆرکی کوردانەوە خۆجێییانە بەو پرۆسەیەوە هەرمابو لە مەهابادو ناوچەکانی دەوروبەری، وەک کەلتور پشتاوپشت پارێزگاری لێدەکرا.

٦_ دیمەنەکانی شایی کوردی یەکێکە لەجوانترین نەریتەکانی باوی دونیا بو، کوڕان و کچانی مەهاباد لە یادە میللی و نەتەوەییەکان و لەکاتی مەراسیمی هاوسەرگیری شایی و زەماوەندی کوردانەیان ئەنجام دەدا.

# The Culture and Social Culture of Mahabad Residents

**Awat Ahmad Qadir[1] - Sarwar Abdulrahman[2]**

[1+2] History Department, College of Education, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq

## Abstract

This study investigates one of the most significant features of the social history of Mahabad, which is one of the famous cities in Kurdistan. Inspite of that Mahabad was the capital of Republic of Kurdistan politically, it, socially, had a long social characteristic. Because Mahabad located on one of the commerce roads between East and West, it became a crucial center of commerce between East and West areas; moreover, it became a lively city socially with having its own culture and social features. Coming various people from Russia and Ottoman Empire to Mahabad for commerce and being many Jewish and Christian families in the city, certainly, had a considerable influence on the social condition generally and on the culture and social culture of the city specifically.

This study includes two scientific themes. In the first theme, we talk about the protocols of hospitality, horse riding, and jokes and games in Mahabad, in which the city had its own feature in this regard. Besides, in the second theme we have dealt with three social phenomena: wedding ceremonies, parties, and visiting the cemetery of good people.

The significance of the study is that only few researches have been conducted in this socio-historical domain although it is very important.

**Key words**: Mahabad, agriculture, animal husbandary, social cultre, custom.

## سەرچاوەکان

ئولیڤییە، 1371: سفرنامە اولویە (تاریخ اجتماعی _ اقتصادی ایران در دوران اغازین عصر قاجار)، ترجمە: محمد طاهر میرزا، انتشارات اطلاعات، تهران.

ئوبن، ئوژن، 1362: ایران امروز (1906 _ 1907)، ترجمە: علی اصغر سعیدی، نشر کتاب فروشی زوار، تهران.

آرش، نگین، 1384: مهاباد، شهر من، دیار من، انتشارات سیروان، تهران.

ثنایی، کامران، ١٤٠١: تاریخ ویلایت مکری (مکریان)، جلد دوم، چاپ سها، تهران.

حاج سەییاح، 1348: خاطرات حاج سەییاح یا دورە خوف و وحشت، بەکوشش: حمید سیاح، بەکوشش: سیف الله گلکار، چاپ ابن سینا، تهران.

دروبل، گاسپار، 1365: سفر در ایران، ترجمه: منوچهر اعتماد مقدم، چاپ دوم، بدون جایی چاپ.

دیلا ڤالا، پیترو، 1370: سفرنامەی پیترو دیلاڤالا قسمت مربوط به ایران، ترجمه: شجاع الدین شفا، چاپ دوم، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، بدون جایی چاپ.

زۆکا، یحیی، 1357: تاریخ رقص در ایران، مجله هنر و مردم، شماره 188.

ژوبیر، امده، ١٣٤٧: مسافرت در ارمنستان و ایران، ترجمه: علیقلی اعتماد مقدم، انتشارات بنیاد فرهنگ ایران. بی جا.

شیرازی، هاشم، ١٣٨٠: خاطرات دکتر هاشم شیرازی (از فعالان سیاسی کردستان)، بەکوشش: هاشم سلیمی، انتشارات توکلی، تهران.

صمدی، سەیید محمد، 1373: تاریخ مهاباد، انتشارات رهرو. مهاباد.

صمدی، سەیید محمد، 2/ 1381: طوایف و عشایر کرد، انتشارات ڕهرو، مهاباد.

صمدی، سەیید محمد، 1396: مهاباد شهر قلەهای سرسبز، بدون چاپ خانه، مهاباد.

لیتن، ویلهیلم، 1396: خاطرات لیتن، ترجمه: پرویز صدری، نشر ایران شهر، تهران.

مجدی، محمد، ١٣٣٥: سالنامه فرهنگ مهاباد، جلد اول، چاپخانه شفق.

مجدی، محمد، ١٣٣٥: سالنامه فرهنگ مهاباد، جلد دوم، چاپخانه شفق.

مطالعات فرهنگی مهاباد، 1342: شهرداری مهاباد. مهاباد.

نیکیتین، واسیلی، 1366: کردو کردستان، ترجمه: محمد قاضی، انتشارات نیلوفر، تهران.

هیدایتی، سید هاشم، ١٣٩٦: کردستان گذری و نضری (نیم نیگاه بەفرهنگ کردی و تغیرات دهەهای اخیر)، چاپ مهکامه، تهران.

ویشارد، جان، 1363: بیست سال در ایران، ترجمه: علی پیرنیا، انتشارات نوین، بی جایی چاپ.

ئەنجیری موتڵەق، ئەحمەد، بێ ساڵی چاپ: داشامەجید (سڵاو لە سابڵاغ)، بێ دەزگاو شوێنی چاپ.

جەوادی قازی، میرزا محەمەد، 2009: نامیلکەی دەستنیشانکردنی خێڵاتی دانیشتوی دەوروبەری سابڵاغی موکری، بنکەی ژین، سلێمانی.

حەکیم زادە، فەرەیدون و سەید ئەحمەد، ئاوات، ١٣٩٦: ویلهێلم لیتن لە کوردستان (بەشێک لەبیرەوەریەکانی لیتن سەربالێزی ئەڵمانی تایبەت بە کوردستان ١٩١٤ _ ١٩١٥)، نەشری زانکۆ، مەهاباد.

دی مۆرگان، ژاگ، 2012: کوردستان لە لێکۆڵینەوەکانی دمۆرگاندا، وەرگێڕانی: د.سەعیدی خضری و ئاسۆ عبدالرحمن، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی.

ژیان، عەزیز، باری کۆمەڵایەتی شاری مەهاباد لەسەرەتای سەدەی ٢٠ی زاینی، لە هاشم سەلیمی، ٢٠٢٢: پەنجەمۆر (دەلاقەیەک بەرەو مێژوی زارەکی مهابادی سەدەی بیستەمی زاینی)، چاپخانەی خانی، دهۆک.

سەلیمی، هاشم، ٢٠٢٢: پەنجەمۆر (دەلاقەیەک بەرەو مێژوی زارەکی مهابادی سەدەی بیستەمی زاینی)، چاپخانەی خانی، دهۆک.

ڤیلچێڤسکی، ئۆ. ل، 2000: نەژادی کورد، وەرگێڕانی ڕەشاد میران، چ2، چاپخانەی خەبات، دهۆک، 2000.

کاکەخضری، هەمزە، 1389: کایەکانی موکریانی، انتشارات هیوا، مهاباد

کەریمی محەمەد، ئاوڕێک لە ئیبراهیمی قادری، لە هاشم سەلیمی، ٢٠٢٢: پەنجەمۆر (دەلاقەیەک بەرەو مێژوی زارەکی مهابادی سەدەی بیستەمی زاینی)، چاپخانەی خانی، دهۆک.

کەریمی، محەمەد: باری کۆمەڵایەتی لادێیەکانی مەهاباد، لە هاشم سەلیمی، ٢٠٢٢: پەنجەمۆر (دەلاقەیەک بەرەو مێژوی زارەکی مهابادی سەدەی بیستەمی زاینی)، چاپخانەی خانی، دهۆک.

گارنێت، لوسی، ١٩٨٣: ئافرەتی کورد لە تورکیا، وەرگێڕانی: عەزیز گەردی، چاپخانەی ئیرشاد، بەغداد.

مینۆرسکی، فلادیمر: 2007، بنچینەکانی کوردو چەند وتارێکی کوردناسی، وەرگێڕانی: نەجاتی عەبدوڵلا، مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ک)، سلێمانی.

ئەحمەدێن، پەروانە،2/ 1399: ڕێ و ڕەسمی بەڕێوەچونی شایی لە سابڵاغی جاران، گۆڤاری بەیان، ساڵی سێیەم، ژمارە(13)، مەهاباد.

ئەحمەدێن، پەروانە،3/ 1399: چونی سەر چاک و پیران لە سابڵاغی جاران، گۆڤاری بەیان، ساڵی سێیەم، ژمارە(14)، مەهاباد.

سەلیمی، هاشم، ٢٠٠١: بوک گواستنەوە لەناوچەی موکریان، وەرگێڕانی: ئازاد سەوزە، گۆڤاری کەلەپوری کورد، ژمارە (١٤).

سەمەدی، عەبدوڵلا، 1394: حاجی سەییاح و سەفەری کوردستان، گۆڤاری مەهاباد، ساڵی پازدە، ژمارە (170)، مەهاباد.

شکاک نەژداد، مەحمود، 1368: کایەکانی موکریان، گۆڤاری (سروە)، ژ(٣٨)، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ وئەدەبی کوردی، ١٣٦٨.

وارد، ئەنگس، ١٣٩٩: گزارش سفر به آذربایجان، گۆڤاری کەشکۆڵ، سال پنجم، ژمارە(١٣)، مەهاباد.

## پەراوێزەکان:

(١) میرزا محەمەد عەلی محەللاتی کە بە (حاج سەییاح) ناسراوە، یەکێک بو لەناسراوترین گەڕیدە ئێرانییەکان کە سەردانی بەشێک لەوڵاتانی دونیای کردوە، لە قەوقازەوە دەچیتە ئەوروپا، ئەمریکا، ژاپۆن، چین، بیرمەو سیلان و وڵاتی هیند، پاش هەژدە ساڵ گەڕان لە وڵاتان لەڕێگەی بەندەری بوشەهرەوە دەگەڕێتەوە خاکی ئێران، لە 15/ 7/ 1882 لە درێژەی سەفەرنامەکەیدا بەناوچە جیاوازەکانی ئێراندا، بەمەستی لێکۆڵینەوە لە کوژرانی هەمزاغای مەنگوڕ سەردانی مەهاباد دەکات. (سەمەدی، 1394: 4_8)

(٢) شوێنەوارناس و گەڕیدەی ئەڵمانی ژاک دی مۆرگان لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم بەمەبەستی لێکۆڵینەوەی شوێنەوارناسی سەردانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات، لەو نێوەندەشدا سەردانی شاری مەهاباد دەکات، بۆ زیاتر بڕوانە: دمۆرگان، ژاگ، 2012: کوردستان لە لیکۆڵینەوەکانی دمۆرگاندا، وەرگێڕانی: د.سەعیدی خضری و ئاسۆ عبدالرحمن، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی.

(٣) تەقالە بریتییە لە داردەستێکی سوک کە لەهەردو سەری گلۆڵەیەکی چەرمیان لێ بەستوە، ئەم دارە لە زەوی دەدەن و بۆ لای ئەسپەکە لە ئاسماندا، لەو کاتەدا ئەسپ سواری شارەزا دەبێ لە ئاسماندا بیگرێتەوە (ئوبن، 1362: 111 _ 112)

(٤) سیاستمەدارو گەڕیدەی ئەڵمانی ویلهێلم لیتن، لەساڵی ١٩١٠ بەڵیۆزی ئەڵمانیا دەبێت لە تەورێز، هەتا ساڵی ١٩١٦ لەئێران دەمێنێتەوە، سەفەری بەشێک لەناوچەکانی ئێران و لەناویشیاندا مەهاباد دەکات، لەڕۆژی یەکشەممە، سی یەکەمی ژانویەی ١٩١٥.